# یادی پیرۆز

ئاکۆ ئەلیاسی

روون کردنه وه یه کی پێویست:



ئه م شێعره کاتی خۆی، له 25ی گه لاوێژی ساڵی 1374 ی هه تاوی به رامبه ر به 1995ی زایینی، به بۆنه ی یادی یوبیلی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، واتا 50هه مین ساڵرۆژی دامه زرانی ئه و حیزبه نووسراوه. به داخه وه، تاکوو ئێستا ڕووی چاپی به خۆیه وه نه بینیوه و ئه مه یه که مجاره که به شێوه یه کی فه رمی، واتا ڕه سمی و له ڕێگای ماڵپه ڕه کوردی یه کانه وه، بڵاوی ده که مه وه.

گومانم له وه دا نیه که به شێک له ڕووناکبیرانی بێ لایه نی کورد، ئه م شێعره به شێعرێکی حیزبیانه ده قه بڵێنن، که دیاره ڕاست وایه ! به لام من دید و بۆ چوونی تایبه ت به خۆمم له پێوه ندی له گه ڵ شێعر و سیاسه ت دا هه یه، چوونکه به شێک له مێژووی ئه ده بی هه موو نه ته وه یه، به ئه ده بی " به رگری"

نه خشێندراوه و ده نه خشێندرێت. ئه ده بی به رگریش پێشانده ری مێـژوویسه روه ری فیداکاری هه ر گه ل و نه ته وه یه که و له وێدا " هـه ڵوێست "

به رزترین لووتکه ی خۆڕاگری یه له هه مبه ر ملکه چ نه کردن و خۆ به ده سته وه نه دان. که وا بوو، شێعر هه ڵوێسته، چوونکه باسی ئه و جۆگه له خوێنانه ده کات

که نه مامی ئازادی ئاو ده ده ن، ده بنه بارانی خه نده و بزه بۆ داهاتوو و ژیان و ئازادیمان بۆ گوڵ باران ده که ن. هه ر بۆیه ئه رکی هونه ره که خوێنی ئه ستێره داچۆڕاوه کانی ڕێگای ئازادی، بنه خشێنی و بیکاته میداڵی سووری سه رسینگی مێـژوو.

یـــا د ی پیــــــــــرۆز

برا. . . گه لـۆ!
هـۆ خه ڵکینه!
با هه موومان
به شکۆ وه
ئیستێ بکه ین
به زنجیری. . . گرێ گرێ
مێژووی سوور و خوێناویمان، دا بچینه وه
با هه موومان
بۆ کوردستان
بۆ په یکه ری گشت شه هیدان،
شه هیدانی نیو سه ده خوێن
شه هیدانی دڵی مێژوو
شه هیدانی باڵا به رزی

به قه د کوردستانا هه ڵچوو
بۆ په یکه ری عاشقانی
ڕێی پیرۆزی:
(خۆر و ئاسۆ،
کتێب و قه ڵه م،
کارگه و گه نم،
بۆ گه لاویـژ) ،
گه لاوێژی مژده هاوێژ
سـوژده به رین،
کڕنۆش به رین
بێینه سه ر چۆک
*****
هـۆ خه ڵکینه!
نیو سه ده پێش،
پێش په نجا ساڵ،
به ر له ئێستا
په نجا ساڵی پڕ زام و ئێش
هه ڵمی نه وسی
نه هه نگی شه ڕ،
شه ڕی به د فه ڕ،
شار و گوند و ده شت و چیای
دا ئه پلۆساند
نه هه نگی مه رگ
خوێنی ئه فرۆشت،
چاوی جن جن، هه ڵگه ڕا بوو،
شێت و دڕ بوو،
که لله ی ئه پژاند،
ئێسک و پرووسک و
به ردی ئه کرۆشت
دنیا له ژێر په رده ی قورسی
شه وی تاری ئه نگووسته چاو
کڕ و مات بوو،
وه ک گـۆڕسـتان
*****
" ڕۆژ هه ڵاتی خوێن و بریـن"

جه سـته و بالآی
نه تلّی خوێن بوو
کێلّگه ی وه رزی زامی سوور بوو
ئا ئه م جه سته بریندار و
قه تماغه یه
له ژێر چه کمه ی بزمار ڕێژی
پۆسـتالّ ڕه شـا
هـاته جمین
به ملا و به ولا
په لی ئه کوتـا
له ده س تاوان
له حه ژمه تا ده ی زریکان
له و ساته دا دنیا شه و بوو
چاومان دیلی ده ستی خـه و بـــوو
*****
ئه و سه رده مه. . . پڕ ئه سته مه
جار و باره. . . له و بنـاره
له سه ر لووتکه ی شاخی به رزی
کلّاو قـوتا
خوێن خۆی بۆ خۆی گـڕی ئه گـرت
له و بنار و لووتکه و شـاخه
بـرووسکه کان
له بۆ شه ڕی شه و و نه هــه نـگ
به ده م بزیسکه ی چـه خمـاخه وه
هه لّ ئه بوون و ئه کوژانه وه
سـواره کانمـان
سـوار ده بوون و
به لّام زۆری پێ نه ده چوو،
دیسـانه وه
ده تـلانه وه
*****
ڕۆژ هـات و چــوو
مانگ هـات و چـوو
سـالّ هـات و چــوو
له "24"

"25 ی گه لاویژ" هات
چاوی نوستوو
له خه و ڕابوو
هه وری سووری وه رزی په ڵه
به خوڕڕ دای کرد
هه ر ده ست و برد
خوێن بوو به نه وت
شاخ بوو به جێی چاوی هیوا
یه که م بزیسکه ی چه خماخه
له شاخه وه ؛
خۆی نیشان دا
بزیسکه بوو به ڕێی تێکۆشان
ئه مجاره یان
سواره کانمان
ده ستیان له سه ر مشتووی خه نجه ر
له ملای سنوور. . . له ولای سنوور
له خوار و ژوور،
سوار بوونه وه
ئه مجاره یان
قورس و قایم،
دیسانه وه
به کێوی هه زار به هه زاری
به رزی باوه ڕ
هه ڵچوونه وه
زه وی و ئاسمان،
بوون به مسی سووری ئاسن
نه هه نگ شێت بوو
مه شخه ڵ هه ڵ بوو
سه و ڕاپێچ بوو
دێ خرۆشا
شار خرۆشا
له پڕێکا
قه ڵای سته م
ته پی و ڕما
باستیله کان

تێک قرمێنران
" جه نابی شـاه، سێبه ری خـوا!"
هه ر ده ست به جـێ،
هه ڵ هـات. . . دۆڕا
شا ئه ستێره ی " گـه لاوێژمان" له ئاسۆ هات
(پێشـه وا) هـات
ڕاپه ڕی کوردی ڕۆژ هـه ڵات
*****
له نێو دنیای دوکه ڵینی گولله و بارووت
به یان چاوی به گوڵ ڕشت و
ئاسۆ زه رده خه نه گرتی و
خۆری قژ زێڕینمان ئه نگوت
(ئاگری) بوو به په یامی گـڕ
نێو ته وێڵی بووکی ده شتی (موکریانی) گورج ماچ کرد و
وه ک به ڵاچه،
خۆی له چاوی (زاگـرۆسـی) پیره ساڵدا
بینـی یه وه
زاگـرۆسیـش
هه ر به په له،
سـرووده که ی (ئه ی ڕه قیبی)
بۆ (بێسـتوونی عه شق) ئه چڕی
*****
ئه و سه رده مه؛
یه که مجار بوو
که مـه هاباد
بوو به قیبله و ڕووگه ی ئاوات
یه که مجار بوو
که (مه م و زین)
له نێو ژوانگه ی شه فه قی ژین
پێ ده که نین
یه که مجار بوو
که (حه زره تی نالی)
(حه بیبه که ی) خۆی دۆزیه وه
یه که مجار بوو
که (مه وله وی)

هۆره ی ئه چـڕی :
" وه هاره ن، سه وزه ن، ئاوه ن، سه ر کاوه ن"
" هــاژه ی وه فــراوه ن، شــاخه ی شه تاوه ن"
یه که مجار بوو
که کـوردسـتان،
به عه شقه وه،
گوڵه نێـرگزی له پرچـی
خه ونه سه وزه کانی ده دا
یه که مجار بوو
که (قامیشلی و دیار به کر و سلێمانی
له چـوارچـرا)
ڕه شبه ڵه کیان له بۆ گـێڕا و
که وتنه سـه ما
*****
بـرا. . . گـه لـۆ!
هـۆ خه ڵکینه!
ڕێ بده ن با دۆست و نه یار،
بیـریان. . .
دڵـیان. . .
چاو و ده ستیـان
بکه ن به نیشانه ی " ؟ "
بپرسن ده ی بپرسن،
له مێژووی خوێن
بپرسـن
مه ترسن و بپرسـن:
ئه وه کـێیه،
په نجا ساڵه،
له نێو جه رگه ی ئه م سه ده یه
به شوێن ڕۆژا،
وا عه وداڵه؟
بپرسن ده ی بپرسن
له قرچه ی خۆری هاوینان
له شه وانی ئه نگوسته چاو
له قۆڕه ی زکی برسی
بۆ له تێ نان،

له كه مه ی لێو ی بار گرتوو
بۆ چــۆڕێ ئـاو
له ســه نگـه ری
خوێن به ده م و چـاو. . . هه ڵپڕژاو
بپرسن
له دايكی شه هيدی دڵ و ده روون
هه ڵ قـرچاو
له باوكی جه رگ كون كون كراو
بپرسن
له هه تێوی ناز لێ شێواو
له خوشكی هه ناسه سووتاو
له شار و دێ
له شاخی به رز و گه رده ن كه ش
له بن به رد و له كوێره ڕێ
بپرسن
له پير و گه نج
له نێو ده ستی شه قارٍ شه قارٍ هه ڵگه ڕاو،
له جووتياری
كوڕی ئاره ق. . . كوڕی ڕه نـج
بپرسن
ده ی مه ترسن
له زيندان و له سێداره
بپرسن
له كۆت و به ند و قه ناره
بپرسن
ده ی مه ترسن
له سه ری به دارا كراوی (ســابڵاخا)
بپرسن
له (ڤيیه نی زامی ناخا)
بپرسن!
له (ميكۆنۆسی سووری بێرلين)
بپرسن
بپرســن. . . ده ی مه ترســن
ئه وه كـێ يه
په نجا ساڵه

له نێو جه رگه ی ئه م سه ده یه
به شوێن خۆردا
وا عـه ودالـّـه؟
*****
ئه وه ئێمه ین
عاشقانی ڕێی سه ر به ستین
په نجا ساڵه
له وڵاتی سوڵتانه کان
له وڵاتی تاوان ئاوا،
بۆ ئازادی،
ساڵ دوانزه ی مانـگ
باوه ش ئه که ین به قه د شاخا
خوێنمان ئه که ین به شاباشی خۆری بیرمان
ئه وه ئێمه ین
عاشقانی
ڕێی (پیشـــه وا و ڕێبه ندانین)
که خه نجه رمان له پشتی خوێن
لێ ئه وه شـــا !
خه نجه ره که دۆش داده ما و
خه نجه ر وه شێن،
داده وه شـــا !
وه ئێمه بووین
که نه که وتین
په نجا سـاڵه
ڕه شه بامان لێ هه ڵ ئه بـێ
هه ر به پێوه ین و نا که وین
نابه زین و به ڕێوه ین
ئه وه ئێمه ین، په نجا ساڵه
له گه ڵ چه کا ده سته و ملانین
به باوه ڕی وه کوو پۆلا،
کێڵگه ی سـته م
شه ق شه ق ده که ین
په نجا ساڵه،
په نجا ساڵه
گه لاوێژ و ڕێبه ندانمان

هه ر ڕێبه ره و
گیانی نرکه به خێو ئه که ین
ئه وه ئێمه ین
په نجا ساڵه
پێشه وامان، وه کوو باوه ڕ له دڵدایه و
ده رویێشی ڕێی ته ریقه تی
ئه و ڕێبازه ین
په نجا ساڵه
ده سته چیله ی گڕی کووره ی نێو خه باتین
هه ڵۆی وریای چنگ به گڕی
ئه و شار و دۆڵ و ده شت و به نده نه ین
ئه وه ئێمه ین
په نجا ساڵه
به خوێنی سوور
ده ست نێوژ ده گرین،
سواری ئه سپی
ره شه باین و
به نێو کرێوه ی گولله دا
بۆ سه رکه وتن
ڕێگا ده برین
*****
مـژده. . . مـژده!
هـۆ خه ڵکینه !
چه پڵـه لـێده ن
مـژده. . . مـژده !
ئه ی دار به ڕووی پرچ ڕنراوی هه زار ساڵه ی
ئه و به نـده نه
مـژده. . . مـژده !
دایکی شه هـیدانم مـژده !
کـوردسـتانم! مـژده. . . مـژده !
وا ته مه نـی ئه م کاروانه قـژ سووره مان
بوو به 50
ئه م کاروانه
ده ڕوا. . . ده ڕوا
خوێنی شه هید باوه ڕیتی،

تاکوو ئێستاش
وە فادارە بە رێ ڕە وی ڕیی ئامانجا
گە لاوێــژی 1995

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لـە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**